((بـــەیـــاننـــامـــە))

پشت بە ئەحکامی ماددە (٥) لە نیزامی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠١ ، دەستەی باڵای هەڵبـژاردنی شـارەوانی بڕیاری‌ـدا ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢٦ بکرێـت بـە ڕۆژی هەڵبـژاردنی سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجوومەنی شارەوانی لە هەرێمدا .

بەیاننـامـەیـەك
لە دەسـتەی بـاڵای هـەڵبـژاردنی شـارەوانی کـوردسـتانی عێـراق

بە پێی ئەحکامی ماددە (٢٢) لە قانوونی بەڕێوەبردنی شارەوانی‌یەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ و مـاددە (٨ و ٩) لـە نیزامـی هەڵبـژاردنی شـارەوانی ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠١ ، ئـەو هاوولاتیانەی کە مەرجەکانی خوارەوەیان تێدایەو دەیانەوێت بۆ سەرۆك یان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی خۆیان هەڵبژێرن ، دەبێ لە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ٢٠٠١/٤/١٧ (کە ڕۆژی هەڵبـژاردنی شارەوانی ڕاگەیێنرا) داواکاری خۆیان بۆ هەڵبژاردن بدەنە سەرۆکی ئەو یەکە ئیداریـەی (پارێزگا ، قائمقام ، بەڕێوەبـەری ناحیـە) کـە شارەوانی یەکـە لـە سنووری ئەودایـە ، یـا ڕاستەوخۆ بیدەنە دەستەی باڵا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

یەکەم : مەرجەکانی سەرۆك و ئەندامانی شارەوانی :

١. دەبێ تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێ .
٢. دەبێ پێشتر هیچ حوکمێکی بەسەردا نەدرابێ کە ئابڕووبـەر بـێ ، (مخلـە بالشرف) یـان بـە کوشتنی عمد یان دزی نەگیرابێت و ئەهلیەتی قانوونی تەواوی هەبێت و لە هیچ تاوانێك ، کە دەسەلاتی دیکتاتۆری لە کوردستان نەخشەی بۆ کێشابێ بەشداری نەکردبێ .
٣. بـۆ هـەر هاوولاتیـەك هەیـە (پیـاو یـان ئـافرەت) کـە دانیـشتووی ئیعتیـادی سـنووری شارەوانییەکە بێت خۆی هەڵبژێرێ .
٤. سـەرۆکی شـارەوانی دەبـێ بـەلای کەمـەوە هـەڵگری بڕوانامـەی ئامـادەیی یـا بەرامبـەری ئامادەیی بێت .

دووەم : سەبارەت بەو شارەوانی یانەی کە بڕیارە بـەم زووانـە دروست بکـرێن ، ئـەو هاوولاتیانـەی کە نیازی خۆ هەڵبژاردنیان هەیە بۆ سەرۆك یـان ئەندامی ئەنجومـەنی شارەوانی دەبـێ لـە ماوەی (١٠) ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی دروست بوونی شارەوانی‌یەکە ناوەکانی خۆیان پێشکەش بکەن .

سـامـی عبـدالـرحـمن
سـەرۆکی دەسـتەی بـاڵای هەڵبـژاردنی شـارەوانی
لە هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com